# ریكەوتنی یەكیتی وپارتی و وەلام بە هیچ خواست و گرفتیكی خەلكی كوردستان ناداتەوە

عبدالله مەحمود
Abdollamahmud@yahoo.com

رۆژی حەوت وهەشتی ئەم مانگە وەفدی مەكتەبی سیاسی یەكیتی نیشتمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان بە ئامادەبونی سەرۆكی پارتی و سكرتیری یەكیتی كۆبونەوە و بەدوای كۆتایی كۆبونەوەكە رایان گەیاند كە هەردوولا بەریكەوتنی تەواوەتی گەیشتون و چوار لیژنە پیك هاتووە بۆ ئامادەكردنی پرۆژەی هاوبەشی فدرالیزم وئاسایی كردنەوەی بارودۆخی ناوخۆی هەریمی كوردستان و چارەسەری گرفتە ئەمنیەكان وسیاسەتی هاوبەش لە ئاستی ئیقلیمی ونیو دەولەتی و پیشهاتەكاندا، هەروەها بریار دراوە كە١٠/٤ ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان (پەرلەمان)بە بەشداری هەردووفراكسیۆن ولستی مۆر كۆببنەوە.
دیارە ئەمە یەكەم جار نیە یەكیتی وپارتی كۆئەبنەوەو ئیدعای ریكەوتنی تەواوەتی رائەگەیین و ئەحزاب و لایەنە سیاسیەكانی سەر بەهەردوولاش ئەكەونە ستایش و پیاهەلدانی.ئەوەی لەكۆبونەوە و ریكەوتنی ئەمجارەدا نۆی یە هەلو مەرجیكی تازەیە كە بەهەرەشە جەنگیەكانی ئەمریكا بۆ هیرش بۆسەر عیراق دەستی پیكردوە.
هەرەشەی وەریخستنی شەر لە دژی عیراق وتەنانەت مەسەلەی ئالوگۆری دەسەلاتی بەعس تا وەلاتانیش مەترەحە.ئەمە روداویكە كە راستەوخۆ سایە ئەكاتە سەروەزعیەتی سیاسی كوردستان و ئایندەكەی وسەر دەسەلاتی ئەحزابی حاكم.یەكیتی وپارتی كە ١١ سالە لە خیرو بەرەكەتی سەرگەردان بوونی كوردستان و نادیاری ئایندەی خەلكی كوردستان ئەخۆن و بۆ بردنی سەهمی زیاتر چەندین جەولەی شەریان وەریخست و وولاتانی كۆنەپەرستی ناوچەكەیان كردە لایەنی دەخالەتگەری هەموو رۆژە.ئیستا هەموو ئەو هاوكیشەیە لە ژیر كاریگەری رووداوە چاوەروانكراوەكاندایە، هەردوولا بەمەبەستی لەدەست نەدانی وەزعەكەو دەسەلاتەكەیان دیسان وەكو سالی ١٩٩١ كەوتونەتە پیشوازی لەسیاسەتی ئەمریكاو خۆبەستنەوە بەنەخشەكانیەوە تا ئەم وەزعیەتە و دەسەلاتیان دریژە پیبدەن، لەوەش ئەچیت ئەمریكا بەلینی پیدابن كە ئەوان لە ئالوگۆرەكانی سبەینیدا بەحساب ئەهینن و دەوری ئەوان ئەهیلیتەوە.
ریكەوتنی یەكیتی وپارتی و هەموو ئەو خالانەی كە یەكیتی وپارتی لەسەری ریك كەوتون (ئەگەر ریكەوتبن)هیچ كامیان پەیوەندیان بە باشكردنی وەزعی سیاسی كوردستان و خەلكەكەیەوە نیە.ئیدعای ریكەوتنیش لەسەر ئەم خالانە كە هاتووە جگە لە سەرلیتكدانی رای گشتی و خۆل كردنە چاوی خەلكی كوردستان زیاتر شتیكی تر نیە.بەلام مادام بەم ئیدعایانە بەلاغی هاوبەشیان راگەیاندوە جیگای خۆیەتی زۆر بەكورتی باس لەو چەند خالە بكەین كە یەكیتی وپارتی وەكو دەسكەوتی خەلكی كوردستان نیشانی ئەدەن.
١-فدرالیزم: لەو رۆژەوەی ئەحزابی دەسەلاتداری كوردستان (یەكیتی و پارتی)شیعاری فدرالیزمیان لەسەروی ئیرادەی خەلكی كوردستانەوەو لە پەرلەمانیكی بی حكومەتی بەرەسمی ناسراوی نیودەولەتی دا پەسەند كرد، تا ئیستا هەردوو حزب هەولیانداوەو هەولدەدەن ئەم خواستەی خۆیان كە هیچ پەیوەندیەكی بە بریاری ئازادانەی خەلكی كوردستانەوە نی یە وەكو خواستی خەلكی كوردستان لەقەلەم بدەن، و هەر نارەزایەتی و نەقدیكیش لەو بارەیەوە لە وشیعارە بگیریت، لەوەلامدا دەلین ئەمە پەرلەمانی كوردستان بریاری لەسەرداوەو بریاری پەرلەمانیش شەرعیە چونكە خەلك دەنگی پیداوە!!
سەرەتا سەبارەت بەحكومەت و پەرلەمان دەبی ئەوە بلیین كە زۆر زوو حكومەت و پەرلەمان بەو هۆیەوە كە لەلایەن هیچ ناوەند و مەرجەعی نیو دەولەتیدا رەسمیەتی پینەدرا، و هاوكات حكومەت و پەرلەمانیكی بی دەولەت و بی ناسنامەی وولاتی بوو، نەیتوانی لەسەر پی بوەستی و لەگەل یەكەم چەخماخەی قولبونەوەی ململانیی هەردوو حزبی پیك هینەری حكومەت و پەرلەماندا خودی هۆلی كۆبونەوەی پەرلەمان و چوارچیوەی ئیداری حكومەت بوونە شوینی بریاردانی شەری ناوخۆو سەرئەنجام ئاسەواریك لەحكومەتی هاوبەش!! و پەرلەمانی دەنگ پیدراوی خەلك!! نەمایەوەو سەرئەنجام دوای چەند جەولە شەر دوو حكومەتی حزبی پیك هینران.بەلام تا ئیستاش هەم یەكیتی و پارتی و هەم حزبەكانی ناو بازنەی ئەو دووحزبە پی لەسەر شیعاری فدرالیزم دائەگرن و هاوكات ئەم شیعارە وەكو شیعارو خواستی خەلك لەقەلەم ئەدەن.دیارە ئەگەر حكومەت و پەرلەمان شەرعیەتی نیودەولەتیشی ببوایە و حكومەت و پەرلەمانی نۆرمالیش بان هەر حەقیان نەدەبوو بی راپرسی ئازادانەی خەلك و لەسەروی خەلكەوە بریار لەسەر مەسەلەیەكی ئاوا چارەنووس ساز بدەن.

وە بە پیچەوانەی ئیدعای یەکیتی وپارتی و باقی ئەو حزب ولایەنانەی ترەوە شیعار وەخواستی فدرالیزم بە دریژایی هەموو میژووی رابردوو نەك خواستی خەلك نەبوە بەلكو وەكو قسەو باسیش لەناو خەلكی كوردستاندا لە ئارادا نەبووە.هاتنە ئارای ئەو شیعارە راستەوخۆ هاوكاتە لەگەل بەدەسەلات گەیشتنی ئەحزابی كوردی ودەیانەوی وەكو خواست و داوای خەلك رایبگەیەنن و سەرئەنجام بیكەن بەخواستی خەلكی، تا لەوریگایەوە شەرعیەت بدەن بەسات وسەودا كردن لەگەل حكومەتی هارودرندەی بەعسی ئیستا یان هەرحكومەتیكی تر بی گویدانە ئەوەی ناوەرۆكی ئەم حكومەتە چۆنە و هەلگری كام ناسنامەیە.لەكەس شاراوەنییەو ئەحزابی قەومی كوردیش دەزانن خەلكی كوردستان خوازیاری سەربەخۆیی و پیكهینانی وولاتی سەربەخۆن و ئەم خواستەشیان بە دریژایی میژووی ئیستاو رابردوو تەعبیر لیكردووەو لیدەكەن.وەدەش زانن ئەم خواست وداوایەی خەلك لەگەل خواست وداوای خۆیاندا ریك لەبەرامبەر یەكتریدان، بەلام دەیانەوی خەلكی پاشەكشە پیبكەن لەو خواستەیان و لەجیگایدا شیعاری فدرالیزم فەرز بكەن.بەمانایەكی تر فدرالیزم ئەلتەرناتیفی بزوتنەوەی ناسیونالستی كوردە لەبەرامبەر خواستی سەربەخۆیدا كە خواستی خەلكی ستەم لیچوی كوردستانە.پیك هینانی لیژنە بۆ خواستیك كەهی خەلكی كوردستان نی یەو ریك لەبەرامبەر خواستی خەلكدایە چ پەیوەندیەكی جگە لەدژایەتی ئیرادەی ئازادانەی خەلك بۆ بریاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان هەیە؟

٢– ئیدعای ئاسیكردنەوەی بارودۆخی ناوخۆیی هەریمی كوردستان و چارەسەری گرفتە ئەمنیەكان.ئیدعای ئەوەی كە وەزعی كوردستان ئاسایی ئەكەنەوە بەر لەهەموو شت بەدرۆخستنەوەی ئیدعای خۆیانە كە تادوینی ئەیانووت وەزعی سیاسی كوردستان ئارام وئاسایشە نمونەی وولاتانی دیموكراسی یە تەنانەت بەو ئیدعایە چارەنووسی دەیان هەزار پەنابەریان لە وولاتانی ئەورووپاو ئوسترالیاو ئەمریكا خستۆتە بەردەم هەرەشەی دیپۆرتكردنەوە، بە هەرحال ئەمە ئیعترافیكی رەسمیە.بەلام بە جیا لە ئیدعای یەكیتی وپارتی بە هەرپیوانەیەك تەماشای وەزعی سیاسی كوردستان بكریت وەزعی كوردستان نائاسایی یە و هەر رووداو ئالوگۆریكی سەراسەری یان ناوچەیی كاریگەری لەسەر وەزعەكەی دائەنیت.خەلكی ئاوارەی رەسمی نیودەولەتیە لەبەردەم هەرەشەی ولاتانی ناوچەكە بەتایبەت هەرەشەی رژیمی بەعسدا بووە، لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە ئایندەی سیاسی كوردستان نادیارە.

٣–گرفتە ئەمنیەكان و سیاسەتی هاوبەش لە ئاستی ئیقلیمی و نیودەولەتی و پیشهاتەكانیدا:گرفتە ئەمنیەكان بە جیالەوەی خودی دەسەلاتی میلیشیایی سەرچاوەی نائەمنی و سەرچاوەی ناشەرعی بوونی دەسەلاتە، هاوكات باسی گرفتی ئەمنی باسی تیرۆریزمی ئیسلامی یە ئەویش بەدیاریكراوی باسی ئەو باندەی (جند الاسلام)ە، كەبەشیك لەو بزوتنەوە كۆنەپەرستە ئیسلامیەیە كە جمهوری كۆنەپەرستی ئیسلامی دای سەپاندن بەسەر خەلكی كوردستانداو یەكیتی وپارتیش لەچوارچیوەی خۆش خزمەتیاندا بە جمهوری ئیسلامی چونە پشتیان و لاویندرانەوە و داهاتی خەلكی برسی كوردستانیان كرا بەگەرویاندا و لەگەل هەراو هۆریای دژی تیرۆری ئەمریكادا یەكیتی و پارتیش بۆ خۆبەستنەوە بە شەری دژی تیرۆری ئەمریكاوە كەوتنە هەراو هۆریا سازكرن و مەلەف هەلدانەوەیان.باسی گرفتی ئەمنی بۆیەكیتی وپارتی مەسەلەی بونی زولمی قەومی و سەرگەردان بوونی كوردستان نییە، دەخالەتی توركیاو ئیران و لەشكركیشیان نی یە باسی كارنامەی شەری ناوخۆیی خۆیان نیە باسی قوتكردنەوەی بنكەی میت و ئیتلاعات و بەرگرتن بە دیاردەی تیرۆر نیە، بەلكو باسی گروپیكە كە پەیوەندیان هەیە بە لستی تیرۆریزمیكەوە كە ئەمریكا هەلی بژاردون وەكو سەرچاوەی تیرۆر و یەكیتی وپارتیش بەمەبەستی خۆبەستنەوە بەسیاسەتی ئەمریكا دژی تیرۆر بوونی كردۆتە كاندید كردنی (جند الاسلام).

مەسەلەی ئەسلی و ئامانجی سەرەكی كۆبونەوەی پەلە پروزی ی یەكیتی وپارتی گرتنە بەری سیاسەتیكی هاوبەشە لە ئاستی ئەوپیشهاتانەی بەریوەن لە كۆمەلگای عیراقدا.وەزعی سیاسی عیراق روبەروی دەورانیكی حەساسە، هەرەشە و ئیحتمالی هیرشی ئەمریكا بۆسەر عیراق بۆتە هۆی ئەوەی كە تەواوی ولاتانی ناوچەكەو سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی عیراقی تەداوكی ئامادەیی بۆ ببینن تا لە و ئالوگۆرانەی كە بەهیرشی ئەمریكا لە عیراقدا روئەدات سەهمی خۆیان ببەن، بۆیەكیتی وپارتیش مەسەلەی لەدەست نەدانی دەسەلاتی ئیستایان یان لەباشترین حالەتدا بەرەسمی ناسینی (فدرالیزم)ە و ئەمەش مەسەلەیەكی چارەنووس سازەو بەهەر قیمەتیك بووە نایانەوی ئەم دەسەلاتە بكەویتە بەردەم خەتەری ئالوگۆرە سەراسەریەكان، بی گومان بەقەولی سكرتیری گشتی یەكیتی لە لایەن ئەمریكاوە بەلینیان پیدراوە بەلینی ئەوەی كە (كورد دەپاریزن) (ناوچەی ئەمن دەهیلنەوە)بەلینیكی ئاوا لەبەرامبەر دەوریكدایە كە دەبی یەكیتی و پارتی وەفاداری یەكپارچەیی خاكی عیراق بپاریزن و بەربگرن بە هینانە مەیدانی خواستی جیابونەوەو سەربەخۆیی و كوردستان، هاوكات دەولەتی توركیا

سەربارى ئەوەى لەلايەن ئەمريكاوە دلنيا كراوەتەوە لە هەلويستى يەكيتى وپارتى سەبارەت بە پاراستنى يەكپارچەيى خاكى عيراق، بەو حالەشەوە هيزەكانى ئامادەكردووە كە هەركاتيك بە پيويستى زانى هيرش بكاتە سەركوردستان بۆ كۆنترۆل كردنى ئەركى پارتى و يەكيتى و كۆنترۆل كردنى ئەگەرى هاتنە مەيدانى هەر بزوتنەوەيەكى جەماوەرى و راديكال.

پارتى و يەكيتى هيشتنەوەى دەسەلاتى ئيستايان و لەوەش واوەتر بەرەسمى ناسينى فدراليزم بە خيرو بەرەكەتيك دەزانن بۆدريژەدان بەحاكميەتيان و دەيانەوى ئەمەش بكەنە فەزل فرۆشى بەسەر خەلكى كوردستانەوە.بەلينى ئەمريكا بۆيان لەوە زياتر نى يە و ئەوانيش لەوە زياتر كە نايانەوى دەسەلاتيان لەدەست دەربچيت ناويت، بۆ ئامانجيكى ئاواش دەبى هەردوولايان يەك قسەو يەك هەلويست بن و پەيرەوى لەيەك سياسەت بكەن، سياسەتى (لەدەست نەدانى دەسەلات).ئەمە مەسەلەى محوەرى كۆبونەوەو ريكەوتنى ميژووى يەكيتى وپارتى يە.

مەسەلەى كۆبونەوەى هەردوو لستى سەوزو زەرد و لستى مۆريش لە مانگى داهاتودا، نە تازەيەو نەدەتوانى هەلگرى هيچ پەياميكى تازە بيت.بەر لەهەموو شتيك ئەم پەرلەمانەى قەرارە كۆببيتەوە دەميكە مردووەو لەسەردەستى خودى يەكيتى وپارتى لەئاياری ٩٤وە خاك بەسەركرا، لەوەش واوەتر ئەو پەرلەمانە تا مانگيك لەمەوبەر لەلايەن يەكيتييەوە ناشەرعى تەنانەت جيگاى توانج بوو.

ئيستا ئەگەر هەموو ئەو خالانەى يەكيتى و پارتى ئەلين لەسەريان ريكەوتوين، ريكەوتبيتن پرسيار ئەوەيە ئەم ريكەوتنامەيە وەلام بەكام گرفتى سياسى وئابورى و كۆمەلايەتى و حقوقى خەلكى كوردستان دەداتەوە؟

ئايا وەالام بەوەزعيەتى هەلواسراو و سەرگەردانى و بيسەرەوبەرەيى كۆمەلگاى كوردستان، وەلام بەگرفتى ستەمى ميللى، وەلام بەكۆتايى هينان بەدەخالەت و ملهورى وولاتانى ناوچەكە، وەلام بەبيكارى بى ئەندازە، وەلام بەدياردەى تيرۆر، وەلام بە خواستەكانى ژنان و لاوان و...تاد ئەداتەوە ؟ كۆتايى بەدەسەلاتى ميليشياى ئەهينى؟ياساى متەمەدينانە لە جيگاى ياساى بەزۆرداسەپاوى بەعس جيگير ئەكات؟دەستى باندو تاقمە ئيسلامە ئينسان كوژەكان لەسەر ژيانى كۆمەلايەتى وسياسى خەلك كۆتا ئەكات؟وە بەكورتى سەرگەردانى سياسى كوردستان گرفتى ستەمى ميللى جواب ئەداتەوە؟

بيگومان ئەم ريكەوتنامەيەى پارتى ويەكيتى نەك وەلامى بۆهيچ كام لەو گرفتە سەرەكيانەى خەلكى كوردستان پى نيە، بەلكو ئەيانەوى لە باشترين حالەتدا بەشيوەى فدرالى لەگەل دەسەلاتى مەركەزيدا بمينەوە بى گويدانە ئەوەى ئەم نيزامەى دواى بەعس چۆن دەبيت و هەلگرى چ پەياميكە كە ئەمەش بە جيالەوەى برياريكى سەرو خەلكى و پيشيل كردنى ئيرادەى راستەوخۆى خەلكى كوردستانە بۆ برياردان لەسەر ديارى كردنى چارەنوسى خۆيان هاوكات بەماناى مانەوەى كيشەى ستەمى ميللى يە، يەكيتى وپارتى بەخۆ جوتكردنيان لەگەل سياسەتەكانى ئەمريكاوە، بەدواى ئەم ئامانجەوەن.

بۆيە ئەم ريكەوتنامەيە نەك هيچ پەيوەنديەكى بە خواست وئارەزوەكانى خەلكى كورستانەوە بۆ رزگارى و ژيانيكى باشتر نيە، بەلكو بەبارمتە گرتنى گرفت و كيشە سەرەكيەكانى خەلكى كوردستانە بۆ سات وسەوداو هيچ شەرعيەتيكى لەلايەن خەلكى كوردستانەوە نى يە.بەتايبەت كە ئەمە رۆشنە هۆكارى ئەسلى وەزعيەتى نائاسايى و سەرگەردان بوونى كوردستان ئاكامى سياسەتى ملهورانەى ئەمريكاو غەرب و دەسەلاتى داسەپاوى ناسيوناليزمە.

دەبى خەلكى كوردستان و هەرئينسانيك كە بەهەر ئەندازەيەك بەتەنگە ئايندەى سبەينى يەكى باشترەوەيە، ساتوسەوداى نيۆان ئەحزابى حاكم لەگەل يەكترى و ساتوسەوداى سەرو خەلكيان و لەگەل ولاتانى ناوچەكەو ئەمريكادا لەريگاى بە بارمتەگرتنى گرفتەكانيان و ئايندەى سياسى كوردستانەوە مەحكوم بكەن، وە هەرچەشنە خۆشباوەريەك بەو ريكەوتنامەيە بەماناى مانەوەى گرفتەكانى خەلكى كورستانە.

پيش مەرجى كۆتايى هاتن بەوەزعيەتى نەخوازراوى ئيستاى كوردستان لەگرەوەى خۆ جياكردنەوەى خەلكى كوردستاندايە لە سياسەت وئاسۆى ناسيونالستى و كۆبونەوەيە لەدەورى ئاسۆى سۆسيالستى و حزبى كۆمۆنستى كريكارى عيراقدا.

٢٠٠٢/٩/١١

www.kurdistannet.org